# بۆچی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) قەدەغەی کردووە لە نوسینەوەی فەرموودەکانی

# لماذا نهى الرسول ( صلى الله عليه وسلم ) عن تدوين الأحاديث

< کوردی - كردي - kurdish >

ئەیاد أحمد حمد

أياد أحمد حمد

پێداچونەوەی: ئومێد عومەر چرۆستانی – پشتیوان سابیر عەزیز

مراجعة: أوميد عمر علي – بشتيوان صابر عزيز

# بۆچی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) قەدەغەی کردووە لە نوسینەوەی فەرموودەکانی

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار وياوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

یەکێك لەو گومانانەی نکوڵی کارانی فەرموودە و بەناو قورئانیەکان و عەقلانیەکان دەیوروژێنن ئەوەیە کە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) قەدەغەی کردووە فەرمودەکانی بنوسرێنەوە وەك لەو حەدیثەی کە موسلیم بە ژمارە (3004) و ئەحمەد بە ژمارە (11085) ریوایەتیان کردووە هاتووە لە ئەبو سەعیدی خودری ( خوای لێی رازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی :{ لا تكتبوا عني، ومن كتب عني غير القرآن فليمحه } واتا : لە منەوە هیچ مەنوسنەوە، و هەر کەسێك شتێکی لە منەوە نوسیوەتەوە بێجگە لە قورئان با بیسڕێتەوە.

جا ئەو کەسانە بۆ ئەوەی گومان بخەنە سەر فەرمودە دەڵێن کە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم) نەهی کردبێ فەرموودەکانی بنوسرێنەوە ئایا ئەو هەموو فەرموودەیە لە کێوە هاتن ؟

هەندێك لەزانایان ئەو فەرموودەیەی ئەبو سەعیدیان بە مەوقوف داناوە نەك مەرفوع، واتا قسەی ئەبو سەعیدە نەك پێغمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )، لەوانە ابن حەجەر لەم بارەیەوە دەڵێت : "ومنهم من أعل حديث أبي سعيد وقال الصواب وقفه على أبي سعيد قاله البخاري وغيره" [ فتح الباري، ابن حجر العسقلاني، طبعة دار المعرفة، 208/1] .

بەڵام بەهەر حاڵ با ئێمە ئەو گریمانە وەربگرین کە مەرفوعە .

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو گومانە دەڵێین راستە لێرە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) نەهی کردووە لەنوسینەوەی فەرموودەکانی کە تەنها یەك فەرموودەیە بەڵام لە هەمان کاتدا چەندین فەرموودەی تر هەیە کە ئیزنی داوە بە نوسینەوە؛ وەك :

1- عن عبد الله بن عمرو، قال: كنت أكتب كل شيء أسمعه من رسول الله صلى الله عليه وسلم أريد حفظه، فنهتني قريش وقالوا: أتكتب كل شيء تسمعه ورسول الله صلى الله عليه وسلم بشر يتكلم في الغضب والرضا، فأمسكت عن الكتاب، فذكرت ذلك لرسول الله صلى الله عليه وسلم، فأومأ بأصبعه إلى فيه، فقال: { اكتب فوالذي نفسي بيده ما يخرج منه إلا حق} [ أبو داود (3646)] .

شوعەیب الأرنؤوط کە موحەدیثێکی گەورەیە لە تەحقیقی سونەنی ئەبو داود دەڵێ: إسناده صحيح واتا سەنەدەکەی راستە. هەروەها ئیمامی ئەحمەد بە ژمارەی (6510) ریوایەتی کردووە لەوێشدا ئەرنەئوط دەڵێ: سەنەدەکەی راستە و پیاوی سەنەدەکەی پیاوەکاني پیاوی بوخاری و موسلیمن تەنها وەلیدی کوڕی عبداللە نەبێ کە ئەویش جێی متمانەیە. هەروەها چەندین زانای تر ریوایەتیان کردووە وەك حاکم و دارمی و الخطيب البغدادي لە کتێبی (تقييد العلم) وابن عبد البر لە (جامع بيان العلم) وئەلبانیش بە فەرمودەیەکی راستی داناوە و لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة) بە ژمارەی (1532) باسی کردووە.

واتایەکەی: عبداللە ی کوڕی عەمری کوڕی عاص دەڵێ: هەموو شتێکم دەنوسیەوە کە لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) گوێم لێ دەبوو بۆ ئەوەی لەبەری بکەم، بەڵام قورەیش لێیان قەدەغە کردم و وتیان تۆ چۆن هەموو شتێك دەنوسیەوە لە کاتێکدا پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) مرۆڤە و لە کاتی توڕەیی و لە کاتی رازیبوندا قسە دەکات، عبداللە دەڵێ: منیش وازم لە نوسینەوە هێنا، و پاشان ئەمەم باس کرد بۆ پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ئەویش ئاماژەی بۆ دەمی خۆی کرد و وتی: " بنوسە؛ سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە بێجگە لە حەق هیچی تری لێ نایەتە دەر" .

2- لە فەرمودەیەك کە دووپاتی ئەوەی عبداللە ی کوڕی عەمر دەکاتەوە ئیمامی بوخاری بە سەنەدی خۆی لە ئەبو هورەیرە (رەزای خوای لەسەر بێ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «**ما من أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم أحد أكثر حديثا عنه مني، إلا ما كان من عبد الله بن عمرو، فإنه كان يكتب ولا أكتب**» [ البخاری (113) ].

واتا کەس لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمودەی لە من زیاتر لا نەبوو تەنها عبداللە ی کوری عەمرِ نەبێ کە ئەو دەینوسیەوە من نەمدەنوسیەوە.

3-لە فەرمودەیەکی تردا کە بوخاری بە ژمارە (2434)، وە موسلیم بە ژمارە (1355) ریوایەتیان کردووە دوای رزگار کردنی مەکە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) وتارێك بۆ هاوەڵەکان دەدا باسی رێز و حورمەتی شاری مەکەی تیا دەکا و لە کۆتایی حەدیثەکەدا هاتووە: " فقام أبو شاه - رجل من أهل اليمن - فقال: اكتبوا لي يا رسول الله، فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم: {اكتبوا لأبي شاه} .

واتا: پیاوێك كە خەڵكی یەمەن بوو بە ناوی باوكی شاە هەستاوە سەر پێ و وتی: بۆم بنوسنەوە ئەی پێغەمبەری خوا، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: بنوسنەوە بۆ باوكی شاە. واتا وتارەكەی بۆ بنوسنەوە وەك ئیمامی ئەوزاعی یەكێك لە راویەكانی حەدیثەكە دەڵێ.

**4- عن أبي جحيفة، قال: قلت لعلي بن أبي طالب: هل عندكم كتاب؟ قال: " لا، إلا كتاب الله، أو فهم أعطيه رجل مسلم، أو ما في هذه الصحيفة. قال: قلت: فما في هذه الصحيفة؟ قال: العقل، وفكاك الأسير، ولا يقتل مسلم بكافر"** [ البخاري (111) ] .

لەو فەرمودەیەدا كە ئیمامی بوخاری ریوایەتی كردووە ئەبو جوحەیفە دەڵێ: بە عەلی كوڕی ئەبو تالیبم (خوا لێی رازیبێ) ووت: هیچ نوسراوێكتان لایە (لە ریوایەتێكی تر دەڵێ هیچ شتێكتان لایە لە سروش ( وەحی ) بێجگە لە كتێبی خوا ؟ وتی: نەخێر، تەنها كتێبی خوا نەبێ، یا تێگەیشتنێك كە پیاوێكی موسڵمان پێی گەیشتبێ، یا ئەوەی لەو پەڕەیە دایە، وتم: چ لەو پەڕەیەدا هەیە؟ وتی: تۆڵەی خوێن، و ئازاد كردنی دیل، و موسڵمان بە كافر ناكوژرێتەوە، (واتا ئیمامی عەلی پەڕەیەكی لا بووە كە فەرموودەی پێغەمبەری تیا نوسراوەتەوە لەسەر ئەو سێ بابەتە ) .

ئەوە بەشێكن لەو فەرموودانەی كە رێگە بە نوسینەوە دەدەن، جا زانایان دەڵێن كە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێ) قەدەغەی كردووە فەرموودە بنوسرێتەوە ئەوە سەرەتا بووە بۆ ئەوەی حەدیث لەگەڵ قورئان تێكەڵ نەبێ، بەڵام دواتر كە هاوەڵەكان شارەزای شێوازی قورئان و شێوازی حەدیث بوون و ترسی تێكەڵ بوون نەما ئەوا پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) رێی پێدا كە فەرموودە بنوسرێتەوە، واتا حوكمی ئەو فەرموودەیە سڕاوەتەوە كە قەدەغەی نوسینەوە دەكا و ئەو فەرموودانەی تر كە رێ بە نوسینەوە دەدەن حوكمەكەیان ماوەتەوە و مەسەلەكە دەچێتە ناو بابەتی ناسخ و مەنسوخ، كە ئەوە هاوشێوەی تری هەیە لە ژیانی پێغەمبەردا وەك ئەوەی سەرەتا قەدەغەی كردبوو سەردانی گۆڕستان بكرێ بەڵام دواتر رێی پێدا، یا سەرەتا قەدەغەی كردبوو گۆشتی قوربانی هەڵبگیرێ و دواتر رێی پێدا.

لێرەدا هەڵوێستی ئەوانەی حەدیث رەت دەكەنەوە بەرامبەر ئەو فەرموودانە ئەوەیە كە دەڵێن فەرمودەكانی رێپێدانی نوسینەوە سەرەتا بوون و حوكمەكەیان سڕاوەتەوە واتا ( منسوخ ) ن و ئەو فەرمودەیەی كە ئیمامی موسلیم ریوایەتی كردووە و قەدەغەی نوسینەوە دەكا ئەویان دواتر هاتووە و حوكمەكەی ماوەتەوە واتا ( ناسخ ) ە كە ئەو رایە محمد رشید رضا باسی دەكا، بەڵام ئەو فەرموودەیەی كە بوخاری و موسلیم ریوایەتیان كردووە و باسی وتارەكەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) دەكا لەسەر مەكە كە پیاوێك بە ناوی باوكی شاە داوای كرد بۆی بنوسرێتەوە لە دوای فەتح كردنی شاری مەكە بوو واتا لە كۆتاییەكانی ژیانی پێغەمبەر بوو لە ساڵی 8 ی كۆچی بوو، هەروەها

ئەو فەرموودەیەی ئیمامی عەلی کە پەڕەکەی لەلا بوو و باوکی جوحەیفە پرسیاری لێ کرد بێگومان دوای وەفاتی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بوو جا ئەگەر فەرموودەی قەدەغەی کردنی نوسینەوە دواتر بێ و نەسخی حوکمی فەرمودەکانی ڕێپێدانی نوسینەوەی کردبێ ئایا چۆن ئیمامی عەلی شتێك دەکا کە پێغەمبەر قەدەغەی کردووە؟! فەرموودەی ئەبو هورەیرەش لە کۆتاییەکانی ژیانی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بووە بە لەبەر ئەوەی مەعلومە موسڵمانبوونی ئەبو هورەیرە دواکەوتووە.

هەروەها عبدالله ی کوڕی عەمر پەرەیەکی هەبوو بە ناوی پەڕەی ڕاستگۆ ( الصحيفة الصادقة) ئەو فەرموودانەی تیا نوسیبوەوە کە لە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) گوێی لێبوو بوو وك وتمان کە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ڕێی پێدا بینوسێتەوە و ئەو پەڕەیە بۆ نەوەکانی عبدالله مایەوە تا ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا زۆرێك لە فەرموودەکانی ئەو پەڕەیەی نوسیوەتەوە، جا ئەگەر قەدەغە کردنی نوسینەوە دواتر بێ دووبارە عبدالله چۆن ئەو پەڕەیەی لا ما بوو و چۆن شتێك دەکا کە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) قەدەغەی کردووە؟

جا سەیر لەوەدایە ئەوانەی ئینکاری فەرموودە دەکەن چاویان دەنوقێنن لەو فەرموودانە و تەنها دەست بەفەرموودەکەی ئەبو سەعید دەگرن لەکاتێکدا خۆیان ئەصڵەن باوەڕیان بە فەرموودە نیە!

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

IslamHouse.com